کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13:01 25-2-2007

## هەڵی تەکێنن کۆڵتان ڕەنگینە ... نامەیەک (لەقەلاَی شێروانەوە بۆ قەلاَی چەمچەماڵ و بناری سارا) ... چەتوون گەرمیانی

هۆ هۆ قەلاَی دێرینی چەمچەماڵ وا قەلاَی شێروانە ڕاگرێکی!!! بۆ هەناردی بیناسە (شامار ملی یەتی و (9) تەختە ڕەش دەوار لایەك جل یەتی) و پاڵتۆیەك و شەبقەیەکی ڕەش سەدای لە بەر و سەردایە و جار بە جار یەك یان دەبڵ دەمانچە لە پشتێنی فەقەراتەکەی ئەبەستێت!! بەلاَم مەترسن هەر بۆ جوانی یە!! و مریشك بە پەڕەوە ئەخوات وشتی تر بە (هەس و پێسەوە) !! ئەڵێن لە گۆڵمەز و نوکتەخوانی دیوانی شاهانەوە پێ گەیشتوە و خوا بۆم نەکات بە گوناە (12) ساڵە فێری (هەڵقۆڕانن و حەپەلوش کردنی نەسریەی مانگانەی پەیمانگا بووە) و کەمێك لە فشاری خوێن گرتن ئەزانێ!! خۆ لە (فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی و بەزم و ڕەزم و هەرا و بیگرە و دەری مەکە و هەی ماڵم هەی ماڵم) دا کەم وێنەیە و خۆش ی بە (ڕازق) ئەزانێ، بەلاَم حەیف ئەوەندە چاوچنۆکە تەنانەت بەخیلی بە مووچەی کرێکارەکانیش ئەبات و بە زۆری ئەزانێ، بۆیە حەز ئەکەین هەر یەکەو چاوەزارێك بکەن. ئەوە خۆ (بە بێ مشت و مڕۆ قرم و قاوت و ململانیە و دەردی سەری) هەر ئیدارە ناکات و ئەڵێت فێربووم. زۆر حەزی لە چۆڵی یەو خەڵك بە حوشتر و مێگەل تێ ئەگات و پێ ی وایە (ئەوەی لێ ی بترسێ ئەبێت لە نزیکەوە بێت و دەمی لە ناودەمیا بێت و کەڵی داو قوڕی دا) !!! پێشی خۆش نیە ڕاگرەکان بچنە بازار بۆ ئەوەی بچوك نەبنەوە!!! ئەوا بە هاوکاری کونە فیشاڵی هاوڕێ ی ئەنفالی (3) ی مامۆستایانی ئێمەیان تەواو کرد

هۆ. . بناری سارا وا (خانم) ێکی بەناز پەروەردە ئەبێتە میوانتان زۆر بەرزۆکە دەم و بەرزە دەماخە!! نازی بکێشن و لە ناو باخەکانی دوکانی سەرەوەدا نیشتەجێ ی بکەن، بەلاَم وریا بن نزیکی بەنداوەکە نەبێتەوە چونکە بیابانی یەو لە پیاڵەیەك ئاودا ئەخنکێت و فێری ناو باخچەو گوڵ وگوڵزارە با خەفەت نەخوات!! هەژارە ئەوە (12) ساڵە (دینەمۆی بزوێنەری پەیمانگای تەکنیکی کەلارە و بەشەو و بە ڕۆژ و بە هەر چوار لادا خەریکە) !! و کەلار تێری خوارەوە لە لوتف و کەماڵ و دەزگا و ماریفەتی. . وا نۆرەی ئێوەیە!! بەلاَم بەداخەوە خەڵکی سپڵە لێ ی بێ منەتن و وەك ئەڵێن (خۆت بدەی بە کوشت بۆ بۆرە پیاو ئەڵێت بە دەردی خوامرد) و بەلاَم (عێل بەگی جاف) یش ووتویەتی دنیا (هەروا بووە هەروا ئەبێت) و ناکرێت (ئەوەی گا ئەیکات هەر گا ئەیخوات) و باشتر وایە (چاکە بکەیت و بیدەیت بە ئاودا) و خۆ ڕاستە (مرۆڤ هەرچیەك بچێنێت هەر ئەوە ئەدورێتەوە) !! ئەو سەرکەوتنە مەزنەش پیرۆزی (فەرهادی کۆکەن و هاورێکانی زاڵ و جەجاڵ) بێت کە بە نان بڕینی (13) مامۆستا و (1) خوێندکار و پەك خستنی خوێندن و هەواڵ دان بۆ چۆڵ و کاول کردنی پەیمانگاکە دوای خۆتان ئەنجام درا و ئاخری خێر بێت، خۆشتان هەر کۆچ کۆچتان بوو کۆچ نەبڕایەوە کۆچ بوو بە ئاگر نەکوژایەوە و داوا لە شێخ کاکە حەمەی کەلکەسماق شای بانی مەقان ئەکەین ئاگادارتان بێت و هەڵی قوڕێنن و. . . . . . .
( (هەڵی تەکێنن کۆڵتان ڕەنگینە) )

2007-2-25

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاَودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.